کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
21-11-2007 2:19 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**زيندان ناماترسێنێ! ... بەشدار على**

Bashdar_net@yahoo.com

وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان داوایەکی لەسەر ڕۆژنامەنوس رزگار کۆچەر تۆمار کردووە، گوایە ئەو ڕۆژنامەنوسە سوکایەتی بە وەزارەت و وەزیرەکە کردوە... لەم ساڵانەی دواییدا لە کوردستاندا مۆدێلێکی نوی لە سەرکوت و دەمکوتکردنەوەی خەڵکی کوردستان بە تایبەت ڕۆژنامەنوسان دەستی بۆ دەبردرێت کە ئەویش توندکردنیانە لە زیندان، بە مانایەکی تر لە ڕێگای زیندانەوە دەیانەوێت پەیامێك بەگویە خەڵك و ڕۆژنامەنوسان بدەن کە (دەبێت ووریا بن ئێوە بۆتان نیە قسە لەسەر هیچ بکەن، ئەو وڵاتە وێرانیش بێت و لەبرسان مردن، بەڵام ئێوە نابێت دەنگ هەڵبڕن!)
ئەگەر نوزەشتان لەبەر لەدەم دەربێت لە باشترین حاڵەتدا ئەگەر کۆتایت پێنەیەت دەبێت بچیتە زیندان، بێگومان ئەو جۆرە مامەڵەیەش لەگەڵ خەڵك و ڕۆژنامەنوسان لەگەڵ سەرەتاترین مافەکانی مرۆڤ و ساکارترین پرەنسیپەکانی کاری ڕۆژنامەگەری ئازاد کە لە کوردستاندا ئیدعای بۆ دەکرێت ناکۆکیەکی قوڵ پەیدا دەکات.
رزگار کۆچەر بە هەزارەها دۆلاری بە ناوی پرۆژەیەکی هونەری یان ڕۆشنبیری لە وەزارەتی ڕۆشنبیری وەرنەگرتوە کە پرۆژەکەش لە واقعدا بوونی نەبێت و وەهمی بێت، کە پرۆژەی لەم جۆرە لەم وەزارەتە زۆرە! تاکو دادگای بکرێت و بیخەنە زیندانەوە، رزگار کۆچەر بروانامەکەی ساختە نەکردووە و لەم وەزارەتەدا دەستی بەسەر بەشێکدا گرتبێت و مانگانە بە ناوی جۆراو جۆر گونیەیەك دۆلار بباتەوە ماڵەوە، تاکو لە زینداندا توندی بکەن، رزگار کۆچەر پەلاماری کەسی نەداوە و نەك جەستە هەستی کەسیشی بریندار نەکردووە و سەنتەرێکی ڕۆشنبیری بی (شوێنیشی) نەکردۆتەوە تاکو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت!بەڵکو رزگار تەنها هۆشداری داوەتە وەزیر و کاربەدەستانی وەزارەت ئاگاداربن سامانی ئەو وڵاتە بەهەدەر مەدەن، خۆتان بەو پرۆژە ئیفلیجانە خەریك مەکەن و دەست بۆ کاری راستەقینەی خۆتان بەرن ئەو وڵاتە وێران بوو لە بی ڕۆشنبیری و بی فەرهەنگی و نەبونی هونەرێکی سەردەمیانە.
ئێمە لەو ڕۆژەوەی قەڵەممان هەڵگرت زانیمان لە کۆمەڵگایەکی خاڵی لە یاسا و دەستور و دەسەڵاتێکی مەدەنی، تەژی لە نایەکسانی و ناعەدالەتی و گەندەڵی و میلشیایی، بەشمان تەنها سەرکوت و لێدان و کوشتن و لە باشترین حاڵەتیش زیندانە، چونکە بریارمانداوە هەموو ئەو کارانەی کە خەریکە ئەو خەڵکە بەرەو قوربەسەری و ماڵوێرانی و سەرگەردانی زیاتر دەبات قسەی لەسەر بکەین.
داوا تۆمارکردن و بانگکردنی ڕۆژنامەنوس رزگار کۆچەر بۆ دادگا ئەوپەری بی توانای وەزارەتی ڕۆشنبیری لە کوردستان نیشان دەدات و جارێکی تریش دەیان پرسیاری تریشی خستەسەر بەرێوبەران و بەرپرسانی ئەو وەزارەتەی کە دەبێت تاکەکان فێری دیالۆگ و وەڵامی هێمنانە بکات نەك زەبر و توتد و تیژی و رق لە نێو هەستی تاکەکان جێگای بکاتەوە کە ئەو کردەوەیەشی هەنگاوێکی ترە بۆ ڕۆیشتن بەم ئاقارە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.